## بۆ هەردوو تەلەفزیۆنی ئاسمانی... zagrostv و ktv ... مامۆستا فەخرەدین زیارەتی

لەگەڵ ئەوپەڕی دەست خۆشی و ماندوونەکردن لە بەڕێوەبەران و کارمەندانی هەردوو تەلەفزیۆنەکە بە گەیاندنی هەواڵ و وێنەی ناوەکی و دەرەکی بە پەناهەندەی کوردستانی لە هەندەران کە خزمەتێکی گەلێك گەورەیە لە بوواری ڕاگەیاندن ڕادەپەڕێندرێ.

بەڵام بە گوێرەی ئەو باس و خواسانەی کە بەرگوێمان دەکەوێت لە لایەن بیسەران و تەماشاچیانی هەردوو تەلەفزیۆنەکە لە هەندەران، وا بەباش دەزانرێت کە هەر تەلەفزیۆنەو تایبەت مەندی خۆی هەبێت، بە واتایەکی تر بێژەرێك یان خاوەن بەرنامەیەك لە تەلەفزیۆنێك کاری تری بۆ نەڕەخسێت لە تەلەفزیۆنەکەی تر، با زیاتر بوار بە خەڵکی تر بدرێت بۆ کاری جوانترو نوێترو باشتر، وە ببێتە هۆیەك بۆ ڕکابەری لەسەر کاری باشتر وە بە پێز تر بۆ خەڵکی کوردستان، بە تایبەتی ئەوانەی لە هەندەران ژیان بەسەر دەبەن، چوونکە ئێوە خۆتان دەزانن ئێمە زیاد لەو چوار تەلەفزیۆنە کوردستانی یە لە هەندەران هیچی تر شك نابەین لە ماڵەکانمان بۆ سەیرکردن و گوێ گرتن لە باس و خواسی کوردستان بەشێوەیەکی زیندی، وا بزانم بۆ باری دەروونیش بۆ ئێمەو منداڵەکانمان باشترە، بە پێچەوانەوە تووشی مەلەلێك دەبین لە سەیرکردنی هەردوو تەلەفزیۆنەکە، ئەگەر لە هەفتەیەکدا بەڕێزێك ببینین زیاتر لە بەرنامەیەك پێش کەش دەکات.

ئەم دەربڕینەش بە مانای ئەوە نی یە کە نانی هەندێ کەس ببڕین، یان کارەکانی ئەوانمان پێ جوان نەبێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەست خۆشیتان لێ دەکەین وە هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین لەو ئەرکە پیرۆزەی کە ڕای دەپەڕێنن، هیواخوازم دڵتان فرەوان بێت و لێمان زویرو توورە نەبن. لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزو دەست خۆشیم بۆ هەر چوار تەلەفزیۆنەکەی کوردستان، هەر سەرکەوتووبن.

zyarati@hotmail. com